# گەشتێك لەگەڵ كەنیزەكەكانی سوڵتان

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبێ

(حەریم لەكۆشكەكانی عوسمانیدا)

ناوی كتێب: حەریم لەكۆشكەكانی عوسمانیدا (حەرەم سەرا)

ناوی نوسەر: د. ماجدە صلاح مخلەق.

ناوی وەرگێر: لەیلا عەلی

ساڵی چاپ: 2004

چاپ: چاپخانەی تەوار

زنجیرە (7)ی بڵاوكراوەكانی یەكێتی ژنانی كوردستان.

خوێندنەوەی / ڕەنو

دوا فۆرمی دەستەڵاتی خەلافەتی لەئیسلامی لەسەر زەوی خەلافەتی عوسمانییەكان بو كە ماوەی پتر لە سێ سەد ساڵ فەرمانڕەوایی كردوە. بنكە سەرەكیەكەی ئەم دەستەلاتە لە توۆكیابوە، خەلافەتەكە خەلافەتێكی ئیسلامی توركی بووە، بەڵام زۆربەی ناوچەی ئاینی ئیسلامو تا دەوروبەری بەڵقانی حوكم كردوە، جگە لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا. دیارە لەبەر ئەوەی دەستەلاتی (خەلیفە)بریتی بووە لەدەسەلاتی ئاین، قەوالەیەكی ()پیرۆزیشی هەبووە، (سوڵتان)لەپایەكەی خۆیدا لەهەموو شتە باشەكانیشی لەناو بەرگی (پیرۆزی)دابوون. ئەوەی ئەم كتێبەكاری لەسەر دەكات بریتی‌یە لە خوێندنەوەی شوێنو پایەی ژن لەناو كۆشكەكانی سوڵتانی عوسمانی و سیمای ژنان لەئاست بڕیارو هەڵسوكەوتەكانی ئەودا.

كۆشكەكانی سوڵتانی عوسمانی بەپێ بەڵەوگێڕانەوە مێژوییەكان وەك (دەوڵەت)ێكی چڕكراوە وابون، جگە لەدەستە بەربوونی تەواوی خۆشییەكانی ژیان، پلە بەندییەكیش هەبووە بۆ دابەشكردنی وەزیفی خەڵكەكانو وەرگرتنی ناو ونازناو بەپێی دورو نزیكییان لەسوڵتانەوە.

ژن بەرێژەی زۆر لەناو كۆشكی سوڵتاندا هەبوون، هەرهەمووشیان لەدایكو كچەكانی سوڵتان تێپەڕێ، كەنیزەبوون. كەنیزەیی جۆرێكی برێك پێشكەوتوە لە كۆیلەیی، كۆیلەییەك كە ژێر فەرمانی سوڵتانو دەستو پێوەندەكانی بن. هەموو ژنەكان لەناو كۆشكدا، لەدایكی سوڵتانو كچەكانی تێپەڕێ كە نیزەكن، بەڵام لە (كەنیزەكەیی)شدا پلەوپایەی جیاوازهەن، ئەگەرچی پلەو پایەكان ناگەنە ئەوەی كە یەكێكیان لەسوڵتان حەرام بكەن، هەموویان بۆ ئەو حەڵاڵ بوون.

كەنیزەكی وەك ئەوەی كە ناوناتۆرەیەكی كۆمەڵایەتییە، ئاستێكی ئابوورییانەشە، لەبەر ئەوەی بەدەر لەو ئاكامەی كە ئەو ژنەی دەبێتە كە نیزەك، ئیتر بڕیاردانی چارەنوسی دەكەوێتە دەستی سوڵتانو دەستوپێوەندانی ئەو، كەنیزەكی واتە بەشداربوون لەهەندێكی ئەو خێرو بێرانەی كەلە ناو كۆشكە خەیاڵییەكان سوڵتاندا هەن.

ئەمە وایدەكرد كە خەڵكانی هەرێمەكانی قەوقاز كچەكانیان بۆ ئەوە ئامادەبكەن كەلەكۆشكدا ببنە كەنیزەك.

تاسەدەی هەژدە كچانی وڵاتانی روسیا، هەنگاریا، یۆنانستانو ئەفریقیا پەسەندبوون بۆ ئەوەی وەك كەنیزەك ببرێنە كۆشكی سوڵتان، بەڵام لەسەدەی هەژدەوە لەهەرێمەكانی قەرقازو چەركسەوە هەل دەبژێردران.

لەساڵی 1846ی زاینییدا سوڵتان عەبدولحەمید بڕیارێك دەدەكات كە بازرگانیكردن بەكچانەوە قەدەغە دەكات، بەڵام بڕیارەكەی ڕەنگدانەوەیەكی ئەوتۆی نابێ لەواقعداو دیاردەكە هەر بەردەوام دەبێ.

دایکی سوڵتان سەرۆکی بەشی حەرەمسەرایە، نازناوی (دولتوعصمتلو)ی هەیە، دەرماڵەی زۆروباشی هەیە، ئەویش بۆکاری خێرخوزای سەرفیان دەکات، لەپاش ئەو ژنەکانی سوڵتان دێن، ناوی ژنانی سوڵتان بەچەند قۆناغێك گۆڕاوە (قادین- خاصکی-قادین ئەفەندی- عصمتلو-باش قایدن- ایکنجی قادین,,,هتد)هر ژنێك بوو بە ژنی سوڵتان لەناو کۆشکدا هیچ کارێك ناکات لەدوویان سێ منالّ پاریشی نابێت، مەگەر بارێکی دەگمەن. فەروی سمۆرە لەبەردەکات. بەڵام کەنیزەکی تر هەبوون هەرتەرخان بون بۆ منالّبوون لەسوڵتان، ئەمانە پێیان وتراوە منالّخەرەوەکان یان (اقبال)کەنیزەکی بەختەوەر ئەوەبووە کە لەلای سوڵتان خۆشەویست بێت هەرکەسێك بچوایەتە ئەم ئاستە پێیدەگوترا (شانسدرا-یان کوزدە).

بەرە لەمانەش گەورە لێپرسراوی خەزێنەی سوڵتانیش هەر لەکەنیزەکەکان بووە، ئەمیش پێگوتراوە (باش خەزێنەدار)یان (باش قالفە)کە کلیلی گەنجینەکانی سوڵتانی پێ بووە.